Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.11

# واقیعی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Ibrahim Yasin Taha
ibrahim1999daerl@gmail.com

RECEIVED :03 /03/2025
ACCEPTED :06/07/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**ابراهيم ياسين طه/** بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**جواد نعمت حسين /** زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەت/ بەشیپەروەدەی هونەری

وشە سەرەکییەکان:

واقیع
پەروەردەی هونەری
قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتیی بوو لە دەرخستنی (واقیعی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان)، بە پێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکەی میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی ماددەی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی ناوەندی شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) کە پێک هاتبوون لە(٧٩٣) مامۆستا، هەروەها نمونەی توێژینەوەکە پێک هاتبوو لە (٤٢٥) مامۆستا کە بە شێوازی هەرەمەکی هەڵبژێردروان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە بریتی بوو لە ڕاپرسیەکی داخراو پێکهاتوو لە (٦) بوار و(٤٣) پرسیاری سەرەکی، وپاش دەرهێنانی پێوەرە سایکۆمەترییەکانی راپرسییەکە وەک ڕاستگۆیی وجێگیری و تێکرای کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی، دەست کرا بە دابەشکردنی بەسەر مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە، وپاش کۆکردنەوەی وەڵامەکان و شیکردنەوەی داتاکان لە ڕووی ئامارەوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ( ناوەندی شیاو ) و ڕێژەی سەدی، کۆمەڵی ئەنجام دەستەبەر کرا، ولە گرنگترینیان ئەمانە بوون: بابەتی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووتەوە وەک:نەبوونی پرۆگرامێکی گشتگیروهاوچەرخ بۆبابەتەکە کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانیەکان لە بواری هونەر وئاراستە نوێیەکانی پەروەردەی هونەر، و کەمی بودجە و مامۆستای پسپۆر ، و بەکارهێنانی ڕێگا لاسایی بۆ وتنەوەی بابەتەکە، و دابین نەکردنی پێداویستیەکانی ماددەکە وەک: هۆڵ و لابی جۆراوجۆر، جگە لە کەرەستەی کارکردن، و نەبوونی خولی ڕاهێنان،و پەراوێزکردنی بابەتەکە، ولە ڕۆشنایی ئەنجامەکان، چەندین دەرئەنجام وراسپاردە و وپێشنیاز خراوەتەڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١- ( ناساندن به توێژینەوەکە )

### ١.١ پێشەکی

پەروەردە پرۆسەیەکی سستماتیکیە ئامانجی ئامادەکردنی تاکە بە شێوەیەکی هەمەلایەن، واتا لە لایەنەکانی عەقلی و روحی و دەروونی و کۆمەلایەتی و سۆزداری و جەستەیی، بە پێی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیاریکراو، لە پێناوی پەرەپێدان بەتواناکانی تاک و ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانی بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی بەرپرسیار و داهێنەر و سوود بەخش بۆ خودی خۆی و کۆمەڵگاکەی. هەروەها پەروەردە ئامرازی وولاتانە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی بەختەوەر و شایستە، وئایندەیەکی گەشاو و پێشکەوتوو بۆ گەلەکانیان. وکروکی پرۆسەی پەروەردە لە دام ودەزگا فێرکارییەکان بریتییە لە پرۆگرامی خوێندن، کە کۆمەڵی بابەتی خوێندن لە خۆدەگرێت لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندن، وبێ گۆمان هەر بابەتێک لە بابەتەکان هەڵگری کۆمەلێک زانیاری و لێهاتوو و بەهاو باوەڕو و پرنسیبە. و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی هەر بابەتێک لە بابەتەکان، پێویستە بە بەردەوامی بخرێتە بەر پرۆسەی هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی زانستی هەمەجۆر، بۆ دەرخستنی واقیعی ئەو بابەتانە، بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو بەربەستەکانی،جگە لەپەرەپێدانی، لە پێناوی فەراهەمکردنی ژیانێکی خۆشترو داهاتوویەکی گەشتر بۆ فێرخوازان .لەم گۆشە نیگاوە لەم توێژینەوەدا جەخت کراوە لەسەر بابەتی پەروەردەی هونەر، وەک یەکێک لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی پەیرەوکراو لە سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

### ٢.١ کێشەی توێژینەوەکە:

ئاشکرایە زۆربەی فەیلەسوفە دێرین و مۆدێرن و هاوچەرخەکانی جیهان جەختیان کردوتەوە لەسەر گرنگی بەکارهێنانی هونەر وەک ئامرازێک بۆ پەروەردەکرنی تاکەکان، بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی بەها باڵاکان لەبواری ئاکار وکۆمەلایەتی و مەعریفەت و دادپەروەری و چاکە و جوانیناسی، بە تایبەتی ئەوهونەرانەی کە هەڵگری فۆرم و پەیام وناوەڕۆکی جوان و بنیاتنەر و سوود بەخش و بەنرخن، وبابەتی پەروەردەی هونەری ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت لە بڵاو کردنەوەی هۆشیاری هونەری لەنێو فیرخوازاندا،جگە لە کلتوری زانیاری پێویست دەرباری مێژووی هونەری شارستانیەت و وولاتانی جیهان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، وراهێنانیان لەسەر بنەما وپرنسیبەکانی ڕەخنە و چێژی هونەری وجوانیناسی، جگە لە بواری پراکتیک و بەرهەمهێنانی هونەری،کە لەدەرئەنجامدا وایان لێدەکات چێژ لەبەها جوانییەکانی ناو سروشت و بەرهەمە هونەریەکان ببینن، لە پاڵ زانینی ڕۆڵی هونەر وهونەرمەندان لە بونیاتنانی شارستانیەت و خۆشکردنی ژیان، وپەرەپێدان بە بەهرە هونەریەکانیان، هەر بۆیە بوونی بابەتی پەروەردەی هونەری لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانی سەرجەم وولاتانی جیهاندا لە بۆشایدا نەهاتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکیی دەنوێنێت لە بنیاتنانی کەسایەتی فێرخوازی کاراو داهێنەر وپێشکەوتوو.بەلاّم بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی بابەتی پەروەردەی هونەر لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بەشێوەیەکی گونجاو، پێویست دەکات بە فەراهەمکردنی ئامراز و پێداویستەکانی بابەتەکە لە قوتابخانەکان بە شێوەیەکی تێر وتەسەل، وەک مامۆستای شارەزاو پسپۆر لە بوارەجۆراوجۆرەکانی وەک هونەری شێوەکاری بە هەموو لقەکانی و ئیشی دەست و هونەری سرود وگۆرانی و مۆزیک و هونەری شانۆ، هەروەها دابینکردنی هۆلی خوێندن و چالاکی پێویست بۆ هەموو بوارەکانی ، جگە لە ئامراز و کەرەسەتەکانی کارکردن بە تەواوی ، ئەمە جگە لە بایەخدان و ڕێزگرتن لە ماهیەتی بابەتەکە لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکان، وکەس وکاری قوتابیان وکۆمەڵگا بەشێوەی گشتی. وبۆ دڵنیابوون لە ڕادەی فەراهەم کردنی پێداویستەکانی بابەتەکە لە قوتابخانەکان وەکو پێویست، پێویست دەکات بە توێژینەوەی زانستی جۆراو جۆر، بەتایبەتی توێژینەوەی وەسفی ڕووپێوی و شیکاری، ولە م جۆرە توێژینەوانە ئەنجام دراوە لە لایەن توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زۆرینەی وولاتانی جیهاندا، ولەوانەش بۆنموونە توێژینەوەی (سەلمان، ٢٠١٠) ، (عەلي، ٢٠١٨)، (عبدالحسین، ٢٠٢٤)، (الغافیاني وئەواني تر، ٢٠٢٤). بەلاّم لە سەر ئاستی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان و بەدیارکراوی لە سەنتەری شاری هەولێر ، تا ئیستا هیچ توێژینەوەیەک بە شیوەیەگی گشتگیر لەم بارەیەوە ئەنجام نەدراوە، وئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری زەقە، پێویست دەکات بە چارەسەرکردن، ولێرانەوە

پرسیارێکی سەرەکی و چەندین پرسیاری لاوەکی لای توێژەر گەڵاڵە بوو بەم شێوەیە : ئاخۆ واقعی بابەتی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکانی ناوەندی شاری هەولێر چۆنە ؟ ئایا بابەتی پەروەردەی هونەری ئامانجەکانی خۆی پێکاوە لە قوتابخانەکان؟ ئایا پێداویستەکانی بابەتەکە بە شێوەی گشتی لە قوتابخانەکان وەک پێویست دابین کراون ؟ و بۆ وەڵامدانەی ئەم پرسیارانە بڕیاردرا بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە، وئەمە خۆی لە خوێدا بریتییە لە کێشەی توێژینەوەکە.

### ٣.١ گرنگی توێژینەوە:

بابەتی پەروەردەی هونەر بابەتێکی جێگیرە لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی هەرێمی کوردستان، و بۆ ئەوەی ئامانجە پەروەردەیی وفێرکارییە دیاریکراوەکانی لە هەرسێی بواری مەعریفی و سۆزداری لیهاتووی کرداری وەک پێویست بەدیبهێنرێت ، وپەرەبدرێت بە ئاستەکەی بە ئاراستەی ئەوەی لە وولاتەپێشکەوتەکانی جێهان پەیرەودەکرێت ، پێویستە لەسەرەتا بخرێتە ژێر پرۆسەی توێژینەوەی وەسفی ڕووپێووی ، بەمەبەستی دەرخستنی واقعی بابەتەکە لە قوتابخانەکان بە هەموو ڕەهەنەکانی، وپێی دەرهاویشتەی ئەو توێژینەوە دەتوانرێت بیربکرێتەوە لەسەر چۆنیەتی پەرەپێدان بە دۆخ و واقعی بابەتەکە بەشێوەکی زانستی وگونجاو. وتوێژینەوەی ئێستا لەم ڕوانگەیەوە بە ئەنجام دەدرێت، ولێرانەوە کرۆکی گرنگی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، وپێشبینی دەکرێت پاش ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە تەواوی سوودی بۆ ئەم لایانەی خوارەوە هەبێت:

آ. لایەنی پەنوەندیدار بە بابەتەکە لە وەزارەتی پەروەردە ی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگای هەولێر، لە ڕێگای ئاشنا بوون بە واقعی بابەتی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی پارێزگاکە، وهەوڵدان بۆ چۆنیەتی پەرەپێدان بە واقعەکەی بە پێی ئاراستەنوێیەکانی پەروەردەی هونەر لە سەر ئاستی جیهان.

ب. مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەر و قوتابیەکانیان لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر، ئەگەر هاتوو لایەنە پەیوەندیدارەکانی بابەتەکە لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم و بەڕێوەبەراتی گشتی شاری هەولێر، دەستیان کرد بە ئەنجامدانی کاری پێویست لە پێناوی پەرەسەندنی واقعی بابەتی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکان لە ڕۆشنایی ئەنجام و وراسپاردەکانی توێژینەوەی ئێستا.

ج. توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی دیکە دەربارەی بابەتی پەروەردەی هونەر لە ڕوانگەی دیکەوە.

پ. کتێبخانەی زانستی و مەعریفی لە کوردستانی عێراق ، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردنی ژێرخانەکەی بە سەرچاوەیەکی زانستی نوێ.

### ٤.١ ئامانجی ئەم توێژینەوە:

بریتییە لە دەرخستنی واقعی ئێستای بابەتی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکانی ناو هەرێمی کوردستان، لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە.

### ٥.١ سنوورەکانی توێژینەوەکە:

**١.٥.١ سنووری بابەتی:** واقیعی بابەتی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکە.

**٢.٥.١ سنوری مرۆیی:** مامۆستایانی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی ناوەندی شاری هەولێر

**٣.٥.١ سنووری شوێن:** قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق/ ناوەندی شاری هەولێر

**٤.٥.١ سنووری کات:** ساڵی خوێندنی( ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ ) زایینی.

### ٦.١ دیاریکردنی زاراوەکان:

#### ١.٦.١ واقیع :( Reality )

**آ. پێناسەی زاراوەیی**

زاراوەی "واقیع" پێناسەی جیاوازیٚ بۆ کراوە، بەپێی بوارە جیاوازەکان، وەک بواری فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و زانستی. بۆ نموونە لە بواری فەلسەفەدا "واقیع" بە هەموو شتێک دادەنرێت کە هەیە، جا ماددی بێت یان ناماددی. و فەیلەسوفەکان لە چۆنیەتی تێگەیشتنیان لە واقیعدا تێروانینی جیاوازیان هەیە. (دوکهایم، ١٨٩٥).ئەما بەشێوەی گشتی (صلبیا ) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە : "ئەو شتەیە کە ڕوویداوە و لە ڕاستیدا هەبووە" (صلیبا،١٩٨٢). هەروەها ( شریف ) دەڵێت واقیع "هەموو شتێکە کە لە ڕاستیدا بوونی هەیە، و لە جیهاندا ڕوودەدات، جا ئەگەر هەستپێکراو یان هەستپێنەکراو بێت . (الشریف، ٢٠٢٠).

**ب. پێناسەی تیۆری:**

بریتییە لە هەموو شتێک کە لەڕاستیدا بوونی هەیە، جا ئەگەر هەستپێکراو بێت یان هەستپێنەکراو .

**ج. پێناسەی ڕێکاری:**

توێژەر بەوە پێناسەی دەکات کەبریتییە لە بارودۆخی ماددی و نا ماددی و مرۆیی ئێستای بابەتی پەروەردەی هونەر، لە قوتابخانەکانی ناوەندی شاری هەولێر، بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ ) .

#### ١ . ٦ . ٢ پەروەدەی هونەری :(Art education)

**أ-پێناسەی زاراوەیی:**

لە فەرهەنگەی( ویبستەر ) بە واتای ئەو پرۆسەیەی کە ئامانجی فێرکردن و پەرەپێدانی توانا هونەری و تەکنیکییەکانی تاکەکەس دێت، ئەم پرۆسەیە دەتوانێت فێرکردنی هونەرە جوانەکان و هونەرە کارپێکراوەکان و تەکنیکە جۆراوجۆرەکان لەخۆبگرێت.(.Merriam -Webster Dictionary, 2025 )و (سۆزان لانجەر ) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: "ئامرازی پێشکەوتنی شارستانییەت و هێزی جوڵانەوەی داهێنانی هونەری، ئەو پەروەردەکردنی ئەو تێڕوانینەی کە لە بینین و بیستن و خوێندنەوە و کارە هونەرییەکاندا وەریدەگرین، گەشەکردنی چاوی هونەرمەندە و تێگەیشتن لە دیمەنە ئاساییەکانی بینایی نهێنی و دەربڕینی جیهان" (لانجر، ١٩٨). و ( زکی) وەک "پرۆسەیەکی پەروەردەیی کە یارمەتی گەنجان دەدات لە هەموو جۆرەکان لە زمانی هونەر تێبگەن" و ئەرکی لە کۆمەڵگادا و زانینی ڕادەی کاریگەری هونەر لەسەر ژینگەی دروستکراوی مرۆڤ و هەروەها گەشەکردنی زمان و هەڵسوکەوت بۆ بەرهەمهێنانی ئافەریدگار و وەڵامدانەوەی هونەر و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی لە ڕێگەی بڕیاری جوانکارییەوە" (زكي، ١٩٧٢).لە کاتێکدا ( القرني ) دەڵێت " پەروەردەی هونەری پرۆسەیەکی پەروەردەییە کە ئامانجی پەرەپێدانی لایەنە داهێنەر و جوانکاری و هەستی فێرخوازە، لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی هونەری بینراو و دەربڕینی هونەری، بە شێوەیەک کە توانای قەدرزانی هونەری و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و خۆدەربڕین بەرز دەکاتەوە، هەروەها بەشدار دەبێت لە بنیاتنانی کەسایەتییەکی هاوسەنگ لە ڕوانگەیەکی سۆزداری و مەعریفیەوە " (القرني، ٢٠٠٦).

ئەما (شوقی ) لەم روەوە دەڵێت: "پەروەردەی هونەر دەستەواژەی دوو توخمە (هونەر، پەروەردە)، واتە پەروەردە لە ڕێگەی هونەرەوە، و پەروەردەی هونەری سوود لە هەموو هونەرەکان وەردەگرێت بە قوتابخانە هونەرییە جیاوازەکانی، جگە لە ئاراستەی ڕۆشنبیری جۆراوجۆر و شێوازی دەربڕینی هەمەجۆر" (شوقي، ٢٠٠٢).

**ب-پێناسەی تیۆری:**

توێژەر پێی وایە پێناسەی ( القرنی) بۆ زاراوەکە ووردتر و گشتگیر ترە، وهەروەها پێ وایە زاراوەی پەروەردەی هونەر دوو ڕووی هەیە، ڕووی یەکەمی بە واتای ئامادەکردنی فێرخوازە لە هەموو ڕووەکانی کەسایەتیەکەی، وەک جەستەیی و روحی و کۆمەڵایەتی و دەروونی زانستی و ویژدانیدا، لە ڕێگای بەکارهێنانی هونەرەوە، ئەما ڕووە دووەمەکەی بە

واتای ئامادەکردنی فێرخوازە بە شێوازێکی شارستانی و پێشکەوتوو، بۆ چۆنیەتی کارلێککردن و پراکتیزەکردن وچێژوەرگرتن لە هەموو بوار وجۆرەکانی هونەرە بە شێوەی گشتی.

**ج- پێناسە ڕێکاری:**

بریتییە لە یەکێک لەبابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی پەیڕەوکراو لە سەرجەم پۆلەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی، لە قوتابخانە و خوێندنگە حکومی و ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق. کەهەڵگری کۆمەڵی ئامانجی پەروەردەیی وفێرکارییە، لە بوارەکانی مەعریفی و سۆزداری و لێهاتووی کرداری، لە پێناوی بەشداریکردن لە بنیاتنای کەسایەتی فێرخوازلە هەموو ڕووکانەوە، جگە لە پەرەپێدان بە توانای فێرخواز لەبوارەکانی هونەر بەهەردوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکی.

**١ . ٦ . ٣ قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان:**

سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییە حکومیەکانی ناوەندی شاری هەولێر دەگرێتەوە.

**٢: پێشینەیەکی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢- ١ پێشینەیەکی تیۆری**

**٢-١-١ ئامانجەکانی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکان**

بوونی وانەی پەروەردەی هونەری لە نێو پرۆگرانی خوێندنی قوتابخانەکان لە سەر ئاستی خوێندنی هەردووقۆناغی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی هەڵگری کۆمەڵی ئامانجی مەعریفی و زانستی، و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و ویژدانی و لێهاتووی کرداریە ، وەک :

- بەرزکردنەوەی ئاستی توانای تیۆری لە بواری رۆشنبیری هونەری لە هەر دوو بابەتی مێژووی هونەر و چێژی هونەر.
- دەربڕین و داهێنان لە ڕێگەی گەشەپێدانی کارامەی لە وێنەکێشان، پەیکەرسازی، دیزاین و هونەری بینراوی دیکە.
- پەرەپێدانی هەستی جوانکاری و چێژی هونەری خوێندکار و یارمەتیدانی بۆ هەستکردن بە جوانی لە سروشت و هونەر و ژینگەی کولتووریدا.
- پاڵپشتیکردنی شوناسی کولتووری و فێربوون لە میراتی هونەری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، و بەستنەوەی فێرخوازا بە کولتوور و کۆمەڵگاکەی.
- پەرەپێدانی تواناکانی دەستی و جووڵەی وورد کە بەشدارن لە گەشەکردنی یەکگرتووی فێرخوازان.
- پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنەرانە لە ڕێگەی شیکردنەوەی کارە هونەریەکان و لێکدانەوەی هێما بینراوەکان.
- ئامادەکردنی قوتابیان بۆ ئایندەیەکی پێشەیی و هونەری بە دۆزینەوە و هاندانی بەهرەمەندەکان لە قۆناغی قوتابخانەوە.
- هاندانی کارلێکی ئەرێنی و سۆزداری، و کەمکردنەوەی فشاری دەروونی لە ڕێگەی چالاکییە هونەرییە دەربڕینەکانەوە.
- بەرزکردنەوەی هاوکاری و کاری تیمی لە ڕێگەی پرۆژەی هونەری هاوبەشەوە.

بەهێزکردنی ئاڵوگۆڕی هونەری و کولتووری لە نێوان وڵاتاندا لە ڕێگەی بەشداریکردن لە پێشانگە و پێشبڕکێ و کۆنفرانسەکاندا، کە بەشدارە لە بەرزکردنەوەی ئاڵوگۆڕی کولتووری و هونەری.(الجعید، ٢٠٠٧).

**٢-١-٢ سوودەکانی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکاندا:**

پەروەردەی هونەر سوودی زۆری هەیە بۆقوتابیان لەوانە:

آ. پەروەردەی هونەری بەشداری ئەرێنی دەکات لە داڕشتنی کەسایەتی قوتابی لە هەموو لایەکەوە، بە بەستنەوەی بە کۆمەڵگە و ژینگە و سەرچاوەکانی، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، چونکە ڕێگەی پێدەدات هەست و تواناکانی بەکاربهێنێت و کارامەیی جۆراوجۆر پراکتیزە بکات، بەم شێوەیە توانا و لێهاتووەکانی گەشەدەکەن و پەرە دەسێنن، و هەموو ئەمانە

دەگۆڕدرێن بۆ ئەزموونی بەردەوام ، کە ڕەنگە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لە ئاراستەکردنی داهاتووەکەی.و لە سوودەکانی پەروەردەی هونەرئەمانەن : (پەرەپێدانی ویژدان، ڕاهێنانی هەستەکان بۆ بەکارهێنانی باشتر، ڕاهێنان لە سەر ئاویتەبوون لە کارکردندا،کار بۆ کار، دەربڕینی بیر و سۆز، خۆ دووپاتکردنەوە و متمانە بەخۆبوون، بەدیهێنانی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی.

ب. پەروەردەی هونەر ڕۆڵی هەیە لە تیشک خستنە سەر کەسایەتی، بەو پێیەی دەرفەتێک بۆ ڕوونبوونەوەی سیفەتی کەسایەتی لە ڕێگەی هونەرەوە دەرەخسێنێت. هونەر جۆرەکانی کەسایەتی ڕوون دەکاتەوە، هەروەک چۆن. ئەم کەسایەتییە توند و تیژە، وئەم کەسە دڵەڕاوکێیە، و ئەوەیش هاوکارە یان گۆشەگیرە یان کۆمەڵایەتی و کراوەیە ، یاخود مرۆڤدۆستانەیە و هتد. هەروەها کاتێک لە چوارچێوەی کارە هونەرییەکەدا دەردەکەون، ڕوون دەبنەوە، بۆیە سیفەتەکانیان لە دەربڕینەکەدا ڕەنگدانەوەی دەردەکەون. بە لام ئە و کە سایە تییە ی کە لە پە ڕوە ردە ی هونە ڕیدا دە ردە کە وێت، جێگیر و ڕە ق نییە ، بە ڵکو کە سایە تییە کی نە رم و نیان و پە رە سە ندە رە ، هەتا بە ردە وام گە شە کردن بۆ فێرخواز ڕوودەدات، لە ڕێگە ی ئە و بابە تە ی لە خوێندن وە ردە گرێت، ئە مە ش لە بارودۆخێکە وە بۆ دۆخێکی تر دە گۆڕێت. بەم پێیە کەسایەتییەکەی ڕوون دەبێتەوە، سیماکانی دەردەکەون و بەرچاو دەبن و سیفەتەکانی کە پێشتر ڕوون نەبوون، نوێ دەبنەوە. (موسی: ٢٠٠١: ١٠-١٨). ئەمە و دەکرێت قوتابخانەی هونەری و تایبەتمەندییەکانی ببن بە هەوێنی دروست بوونی سیفەتی کەسایەتی جوان کە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بابەتی پەروەردەی هونەری " لەبەر ئەوەی هونەر جۆرێکە لە زانست و زانستیش بە شێوەیەک لە شێوەکان دەکەوێتە نێو بواری (پەروەردە + جوانی) یەوە، بۆ نموونە قوتابخانەی هونەری نیگارکێشانی( الانطباعیة) (ئیمپرێشنیزم Impressionism ) ، ئەم قوتابخانەیە لە سەر بنەمای هەستەوەری (هەست+ دەروون) بنیات نراوە و وەک قوتابخانەیەکی هونەری نیگارکێشانی ئیمپرێشنیزم + پەروەردە = پەروەردەی هونەری = جوانی = هەست = هاوسەنگی دەروونی = مێشکی چالاک = بیرکردنەوەی ڕاست = فێرکردنی باش = فێربوونی ڕەوان = پەروەردەی دروست = بە و (میتۆد)ە ی کە نوێنەرایەتی گەیشتن بەو ئامانجە دەکات کەبریتیە لە(داهێنان)" (طه، ٢٠١٤، ص. ١٧). بۆیە دەکرێت لە ڕێگەی بینراوی ڕەگەزە سەرەکیەکانی وەک ڕەنگ و شێوە وە درک بە جوان ناسی هەست و جوانی ناسی دەروونی بکرێت کە بنەمای بنیاتنانی کەسایەتیە لە هەمانکاتدا و هەنگاو بەرەو فەلسەفەی ئارامی دەنرێت بۆ نموونە دەبینین کە "ئیمپرێشنیزم بە قوتابخانەی ڕەنگ و فۆرم دادەنرێت و فەلسەفەکەی لە ڕزگارکردنی ڕەنگ و فۆرم دەبنێتەوە بۆ پێدانی بزووتنەوەیەکی جوانیناسیی لەناکاو و لەراو" ( طه، ٢٠١٤، ص. ٢١). بەم جۆرە پەروەردە سوود لە ڕەنگ و فۆرم و فەلسەفەکەی وەردەگرێت بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی خاوەن خود و کەسایەتییەکی پتەو.

ج. بەگەڕخستنی کاتە بەتاڵەکانی خوێندکار: کێشەی ڕاستەقینەی ژیانی هەر کەسێک کاتە بەتاڵەکانە. ئەگەر کات لە شتێکی بەسوود و سەرگەرمیدا نەقۆزرێتەوە، ئەوا کاتێکی ون بووە، بۆیە بابەتی هونەر هانی خوێندکار دەدات کە ئەم کاتە بە شێوازی خەیاڵی و داهێنەرانە بەکاربهێنێت، هەروەها توانای بەکارهێنانی خەیاڵ بۆ واقیع لە ڕێگەی وێنەکێشان و مۆسیقا و هتد. (طلال، ٢٠٢٥: ئینتەرنێت) .

د – یارمەتیدەرە بۆ گەشەسەندنی توانا داهێنەرەکان و و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای قوتابی , هەلی فێربوونی بەهرەیەکی نوێ یان خولیایەکی بەسوود بۆ دابین دەکات، و پەرە بە تواناکانی دەدات لە بارەی هۆشیاری هونەری و قەدرزانی بەهاکانی جوانی. جگە لە هاندانی قوتابی بۆ دۆزینەوەی توانا هونەری و داهێنەرییەکانی خۆی ، ودەستەبەرکردنی زانیاری لەبارەی بە زاراوەی هونەرییەکان. ( خضر، ٢٠٢٥: ئینتەرنێت).

### ٢-١-٣ ڕۆڵی پەروەردەی هونەر لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا:

پەروەردەی هونەری بە یەکێک لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگا دادەنرێت، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەپێدانی داهێنان، بەرزکردنەوەی ناسنامەی کولتووری و هاندانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ( (Efland, 2002 توێژینەوە نوێیەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە پەروەردەی هونەر تەنها سنووردار نییە بە پەرەپێدانی توانا جوانکارییەکان، بەڵکو بەشدارە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی یەکگرتووتر و بەردەوامتر لە ڕێگەی پێشخستنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و

خۆدەربڕین (.(Hetland et al., 2013یەکێک لە ڕۆڵە سەرەکییەکانی پەروەردەی هونەر توانای پەرەپێدانی کارامەیی داهێنەرانەیە ک
ە پێویستە بۆ داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا، لەوانە ئابووری، پیشەسازی و تەکنەلۆژیا ( (Robinson, 2011لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی هونەرەوە، تاکەکان فێردەبن چۆن کێشەکان بە شێوازی ناتەقلیدی چارەسەر بکەن، ئەمەش توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و گونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەرز دەکاتەوە & Winner, Goldstein ( (Vincent-Lancrin, 2013سەرەڕای ئەوەش، پەروەردەی هونەر ئامرازێکی کاریگەرە بۆ پێشخستنی پەیوەندی کولتووری و گفتوگۆی نێوان نەوەکان، بەشداریکردن لە پاراستنی میراتی کولتووری و پێشخستنی لێکتێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا ( .(Bamford ,2006لە زۆرێک لە وڵاتان هونەر وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و پێشخستنی بەها کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان بەکاردەهێنرێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی هاوسەنگتر( . (Dissanayake, 2000هەروەها هونەر ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا، بەو پێیەی توێژینەوەکان دەریانخستووە کە پراکتیزەکردنی هونەر دەتوانێت ئاستی فشار و دڵەڕاوکێ کەم بکاتەوە، هەروەها باری دەروونی تاکەکان باشتر بکات، بەتایبەتی لەنێو گروپە پەراوێزخراوەکان یان ئەوانەی بەدەست زەبر و زەنگی دەروونییەوە دەناڵێنن ((Stuckey & Nobel, 2010لەم چوارچێوەیەدا، بەرنامەکانی هونەر لە زۆرێک لە دەستپێشخەرییە چارەسەرییەکاندا جێگیرکراون بۆ یارمەتیدانی چاککردنەوەی نەخۆشانی دەروونی و ئەوانەی کە بەهۆی شەڕ و ململانێکانەوە تووشی زەبر و زەنگ بوون ( .(Cohen, 2009جگە لەوەش پەروەردەی هونەری بەشدارە لە بەرەوپێشبردنی هاوڵاتیبوونی کاریگەر و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی تاکەکان فێردەبن چۆن بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی بنیاتنەر دەربڕن، ئەمەش بەشداریکردنیان لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی ئەرێنی بەرز دەکاتەوە .( Dewey, 1934) هەروەها هێنانە ناوەوەی هونەر لە پەروەردەدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کەمکردنەوەی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن و پاڵنەرەکانی خوێندکاران بۆ فێربوون زیاد بکات .(Eisner, 2002).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین پەروەردەی هونەر تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی داهێنەرانە، بەڵکو توخمێکی جەوهەرییە لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و بەردەوامدا. تێکەڵکردنی هونەر لە مەنهەجی پەروەردەیی و بەرزکردنەوەی ڕۆڵیان لە سیاسەتە کولتوورییەکاندا دەتوانێت بەشدارییەکی بەرچاو بکات لە گەشەپێدانی تاک و کۆمەڵگاکان، ئەمەش وایان لێدەکات کە وەبەرهێنانێکی گرنگ بن لە داهاتوویەکی داهێنەرانەتر و هاوسەنگتردا. بۆیە پێویستە خوێندکار لەوە تێبگات کە ڕۆڵی هونەر لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا بنەمایەکی سەرەکییە، لەوانەش هێزی هونەر لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، چالاکیی و بەشداریکردنی لە کۆمەڵگادا. توانای هونەر بۆ گەیاندنی پەیامی بەهێز سەبارەت بە (ناسنامە، ئاشتی و ململانێ)، بەتایبەتی لە ناوچەکانی وەک هەرێمی کوردستاندا، گرنگییەکی سەرەکی هەیە.

**٢-١-٤ ڕۆڵ و ئەرکەکانی مامۆستای پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکاندا:**

مامۆستای پەروەردەی هونەر لە هەر قۆناغێکی خوێندندا دەبێت ئەزموون و شارەزایی هەبێت. بۆ ئەوەی وەک پەروەردەکارێک بە تەواوی ئاگاداری بەرپرسیارێتیەکانی خۆی بێت، و ئەو زانستەی کە لە ئەزموون و شارەزاییەوە بەدەستی دەهێنێت بۆ توانای دەربڕین بگۆڕێت، واتا مادده و کەرەستەکان بە هەموو جۆر و تایبەتمەندییەکانی بگۆڕێت بۆ بەهای هونەری، سۆز هەموو شتێک نییە بۆ هونەرمەند، بەڵکو دەبێت پیشە و توانای خۆی بزانێت و هەست بکات کە چێژی خۆی تێیدایە، وەک چۆن پێویستە لە بنەما تیۆریەکان و یاسا و شێوازە پراکتیکیەکان تێبگات، کە بەهۆیانەوە دەتوانێت مادده یان کەرەستەی ناو سروشت بخاتە ژێر دەسەڵاتی هونەر.

ئەرکی مامۆستای هونەر ئاسان نییە، چونکە کارەکەی لەوە تێدەپەڕێت کە مامۆستای هونەری بێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێبەر و سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی و یارمەتیدەر و نموونە بۆ خوێندکارەکانی لە قەدرزانی هونەریدا، هەروەها نموونەیەک بێت بۆ لاسایکردنەوە لە ڕووی جوانی ئاکار و هاوسەنگی و بەهێزی کەسایەتی. (موسی ٢٠٠١ :٧ و ١٩)

ئاشکرایە ئەرکە سەرەکییەکانی مامۆستای پەروەردەی هونەر زۆرن ولەوانە ئەمانەی خوارەوەن :

أ. پلاندانان و فێرکردن: کەئەمانەلەخۆدەگرێت:

• ئامادەکردنی پلانی خوێندنی ساڵانە و وەرزی هاوتەریب لەگەڵ مەنهەجی فەرمی .

• دیزاینکردنی وانە هەمەچەشنەکان کە لەگەڵ تەمەن و پێداویستییەکانی خوێندکاران بگونجێت .

• بەکارهێنانی بابەتی جۆراوجۆر وەک (وێنەکێشان، پەیکەرسازی، کاری دەستی، شانۆ ن سروود وگۆرانی و مۆزیک) بۆ پەرەپێدانی توانا هونەریەکان.

ب. پەرەپێدانی داهێنان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە: کە ئەمانە لەخۆدەگرێت:

• هاندانی خوێندکاران بۆ گوزارشتکردن بە ئازادی لە خودی خۆیان لە ڕێگەی هونەرەوە .

• هاندانی خەیاڵ و بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە هونەریەکاندا .

پ. ئامادەکردنی پێشانگە و چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل : ئەمانە لەخۆدەگرێت:

• ڕێکخستنی پێشانگای هونەری لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانی خوێندکاران .

• سەرپەرشتیکردنی چالاکییە هونەریەکان وبەشداریکردن لە چالاکیەکانی تایبەت بە بۆنە نیشتمانی وکۆمەڵایەتییەکان .

ت. ڕێنمایی و پاڵپشتی دەروونی: وەک :

• بەکارهێنانی هونەر وەک ئامرازێک بۆ بەتاڵکردنەوەی هەڵچوون و هەستە نەرێنییەکان لای خوێندکاراندا .

• چاودێری ڕەفتارە دەروونی و کۆمەڵایەتییە نائاساییەکانی خوێندکاران و وئاگادارکردنەوە ڕاوێژکاری خوێندکاران بەو ڕەفتارانە .

ج. بەکارهێنانی ئامرازی تەکنیکی و هونەری؛ کە ئەمانەلەخۆدەگرێت:

• ئاوێتەکردنی ئامرازە تەکنەلۆژیەکان وەک: (بۆردی دیجیتاڵی، بەرنامەکانی دیزاینکردن، ڤیدیۆی فێرکاری) لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا .

• پەرەپێدانی تواناکانی خوێندکاران لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وێنەکێشانی نەریتی و مۆدێرن .

چ. هاوکاری لەگەڵ کارگێڕی و مامۆستایان ؛ وەک:

• کارکردن لەناو تیمی قوتابخانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی فێرکردن .

• بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی دایکان و باوکان ومامۆستایان و چالاکیەکانی قوتابخانە.

ح. پاراستنی ژینگەیەکی سەلامەت: کە ئەمانە لەخۆدەگرێت:

• دڵنیابوون لەوەی کە ئامرازە تەکنیکییەکان سەلامەتن و بە باشی هەڵگیراون .

• ڕاهێنانی خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکان بە وردی و بەرپرسیارانە . (حەبیب، ٢٠٢٤: ل ٢٣٨)

خ. هەڵسەنگاندنی ئەدای خوێندکار: ئەمانە لەخۆدەگرێت:

• هەڵسەنگاندنی کارە هونەریەکان لەسەر بنەمای کارامەیی بەدەست هێنراو نەک تەنها جوانکاری .

• نووسینی ڕاپۆرتی خولیی لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی خوێندکاران لە ڕووی ڕەفتار و هونەرەوە .

د. خۆ گەشەپێدان: لەرێگەی :

• بەشداریکردن لە خول و وۆرک شۆپەکانی بواری پەروەردەی هونەری .

• بەدواداچوون وبەردەوام بوون لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری هونەر و فێرکردن، بۆ فێربوون و بەکارهێنانی شێوازە مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە . ( المواش، ١٩٩٩ ).

## ٢-٢ لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

### ٢-٢-١ خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

توێژەر چەندین توێژینەوەی پێشووی بەدەستی کەوتووە، کە لە واقیعی مادەی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان ،لە سەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و هەندێک وڵاتی دیکە دەکۆڵێتەوە. لێرەدا پوختەی هەندێکیان دەخاتە ڕوو و بەم شێوەیە:

أ. توێژینەوەی (سەلمان، ٢٠١٠): بەناونیشانی : هەڵسەنگاندنی واقیعی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکانی عێراق لە

ڕوانگەی مامۆستاکانییەوە ( تقويم واقع التربية الفنية في المدارس العراقية من وجهة نظر مدرسيها ):
ئامانجی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە دەرخستنی کاریگەریی ئامانجەکانی پەروەردەی هونەری و گرنگییەکەی لە پەروەردەی گشتیدا، و ڕەوایەتی مەنهەجی پەیڕەو کراو بۆ پەروەردەی هونەری .و بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە.و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەری نێر و مێ لە قوتابخانەکانی پارێزگای ئەنبار لە عێراق. ونمونەی توێژینەوەکە (٣٠ ) مامۆستای نێر و مێ لەخۆگرتبوو، کە بە شێوازی هەڕەمەکی سادە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون. وبۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە فۆرمێکی ڕاپسی بەکارهێنراوە، پاش دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیریەکەی. وبۆ شیکردنەوە داتاکانی توێژینەوەکە لە ڕووی ئامارەوە ئامرازەکانی :، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریی، و لادانی پێوەری بەکارهێنراوە . ولەگرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانە بوون: لاوازی لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەروەردەی هونەر، و کەمی بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن و کەمی ڕاهێنانی مامۆستایان. (سلمان، ٢٠١٠: ل ٦٢٩-٦٥٨).

ب. توێژینەوەی (عەلی، ٢٠١٨)بە ناونیشانی: واقیعی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانە سەرەتاییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی نێر و مێ لە پارێزگای بابل (واقع مادة التربية الفنية في المدارس الابتدائية من وجهة نظر المعلمين والمعلمات في محافظة بابل) ئامانجی توێژینەوەکە بریتیی بووە لە دەستنیشانکردنی واقیعی فێرکردنی پەروەردەی هونەرلە قوتابخانە سەرەتاییەکان، لە ڕوانگەی مامۆستایانی نێر و مێ.پارێزگای بابل، بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە، وکۆمەڵگەی توێژینەوەکەش پێکهاتبوو لە مامۆستایانی نێر و مێ لە قوتابخانەکانی پارێزگای بابل، کە ژمارەیان (725) قوتابخانەی سەرەتاییە. و نمونەی توێژینەوەکە (100) مامۆستای نێر و مێی لەخۆگرتبوو، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە سەد قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا هەڵبژێردراون. وئامرازی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە دوو ڕاپرسی، یەکێکیان کراوە و ئەوی دیکەیان داخراو، و داتاکان چارەسەرکراون لە ڕووی ئامارەوە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەکانی ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریی و لادانی پێوەری،و لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەئەمانە بوون: کەمی حەزکردن بە پەروەردەی هونەری و کەمی سەرچاوەی پەروەردەیی و کەمی خولی ڕاهێنانی بۆ مامۆستایانی بابەتەکە . (علي، ٢٠١٨: ل ٣٢٢-٣٣٥).

پ. توێژینەوەی (عبدالحسێن، ٢٠٢٤) بە ناونیشانی: واقیعی وانەوتنەوەی پەروەردەی هونەری لە بەغدا ( واقع تدريس مادة التربية الفنية في مدينة بغداد ).

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیی بووە لە زانینی واقیعی وانەوتنەوەی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شاری‌بەغدا، و دەستنیشانکردنی ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستاکانی دەبنەوە . بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەو کرا ، و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٥٩٩) مامۆستای نێر و مێ بابەتی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شاری بەغدا,. هەروەها نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٦٠) مامۆستای نێر و مێ کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە هەڵبژێردراون، و ئامرازی توێژینەوەکە بریتیی بووە لەراپرسیەکی کراوە و داخراو،کە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیریەکەی دەرهێنراوە، وداتاکانی توێژینەوەکە شیکراوەتەوە بە بەکارهێنانی چەند ئامرازێکی ئاماری وەک: : ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریو لادانی پێوەری ، ولە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، بوونی کێشەی گەورە لە وانەوتنەوەی بابەتی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکان ، کە پەیوەندیی بە پرۆگرامی خوێندن و کاتی تەرخانکراو بۆ بابەتەکە و سەرچاوە بەردەستەکانەوە هەیە . (عبد الحسين، ٢٠٢٤: ل١٣٩-١٥٨)

ت. لێکۆڵینەوەی (الغافیانی وئەوانی تر، ٢٠٢٤)بە ناونیشانی: واقیعی فێرکردنی پەروەردەی هونەری لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی - بەڕێوەبەرایەتی بولمان وەک نمونەیەک (واقع تدريس التربية الفنية بالمرحلة الأولى من السلك الابتدائي- مديرية بولمان نموذجا).

ئامانجی توێژینەوەکە تیشک خستنە سەر واقیعی وانەوتنەوەی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی- بەڕێوەبەرایەتی بولمان بووە , لەڕێگەی دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو کێشانەی کە ڕێگرن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی

وانه وتنەوەی ئەم بابەتە بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانكارییەی كە بە سەر مەنهەجەكەی ئەنجامدراوە. بۆ تەواوكردنی توێژینەوەكە میتۆدی وەسفی شیكاری پەیڕەو كرا. كۆمەڵگەی توێژینەوەكە پێكهاتبوو لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەری نێر و مێ لە قوتابخانەكانی بەڕێوبەرایەتی بولمان لە وولاتی مەغریب.و نمونەی توێژینەوەكە (٦٦) مامۆستای پەروەردەی هونەری نێر و مێ لەخۆگرتبوو، كە بە شێوەیەكی هەڕەمەكی لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە هەڵبژێردراوون. ئەما ئامرازی توێژینەوەكە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری، بریتی بووە لە ڕاپرسیەكی كراوە و داخراو. كە ڕاستگۆیی و جێگیریەكەی مسۆگەركراوە، و توێژینەوەكە گەیشتە كۆمەڵێك ئەنجام وەك: یەكەم: ئەو ڕاهێنانە سەرەتاییانەی كە پێشكەش بە كادرە پەروەردەییەكان دەكرێت لە ناوەندەكانی ڕاهێنان، بەس نییە بۆ بەڕیوەبردنی پۆل بە پراكتیكی، كە گەرەنتی بەدەستهێنانی لێهاتووییە سەرەتاییەكان بكات بۆ فێرخوازی قۆناغی یەكەمی سەرەتایی لە بابەتی پەروەردەی هونەردا. دووەم: ئەو گۆڕانكارییەی كە بەسەر مەنهەجی پەروەردەی هونەری هاتووە، ناتوانێت ئەو ئامانجانە بەدەستبهێنێت، كە چاوەڕوان دەكرێت لە وانەوتنەوەی ئەمم بابەتەدا، بەپێی جێبەجێكردنی كۆمەڵێك مەرج كە گرنگترینیان ڕاهێنانە. جگە لە زیادكردنی ئەو كاتەی كە بۆ پەروەردەی هونەری تەرخانكراوە، و دابینكردنی ئامرازەكانی فێركردن وپێداویستەكانی بابەتەكەتایبەت بە قۆناغی یەكەمی سەرەتایی . (الغافياني و آخرون ، ٢٠٢٤: ل ١٨٣-١٩٣)

### ٢-٢-٢ كۆمێنت لەسەر توێژینەوەكانی پێشوو

أ .توێژینەوەكانی پێشوو هاوشێوەی یەكتر بوون و لەگەڵ لێكۆڵینەوەكانی ئێستاش، لە ڕووی میتۆدۆلۆژیا و ڕێكارەكانیان بە گشتی، سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوانیاندا لەڕووی جۆری كۆمەڵگاكان و نمونەی توێژینەوەكان بەپێی قۆناغەكانی خوێند ، ئەوەش بەهۆی لێكچوونی ئامانجەكانی توێژینەوەكان، كە تیشكیان خستووتە سەر دەستنیشانكردن یان دەرخستنی واقیعی بابەتی پەروەردەی هونەری و وانەوتنەوەكەی لە قوتابخانەكانی سەرەتایی و ناوەندی.

ب. ئەنجامی توێژینەوەكان بوونی چەندین گرفت و بەربەستی بەردەم بابەتی پەروەردەی هونەری، و مامۆستاكانی لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەكان بە گشتی دەردەخات، كە لە دەوری لاوازی ئاستی ناوەڕۆكی مەنهەجی بابەتەكە، و جیاوازی بڕوانامە وپسپۆری ئەو كەسانەی كە بابەتەكە دەڵێنەوە، جگە لە كەمی كەرەستە وپێداویستی و ئامرازەكانی بابەتەكە، دەسوڕێنەوە.

## ٣: ڕێكارەكانی توێژینەوەكە

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوەكە:

میتۆدیوەسفی شیكاری بەكارهێنراو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەكە بە پێی سروشتی بابەتی توێژینەوەكەو ئامانجەكەی.

### ٣-٢ كۆمەڵگەی توێژنەوە:

بریتییە لە مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەیی و دواناوەندییەكانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكانی پەروەردەی سنووری شاری هەولێر (ناوەندی هەولێر + بنەسڵاوە + دەوروبەری هەولێر) ، بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ) بریتیە لەواقعی (٧٩٣) مامۆستا بەگشتی، و وە لە قوتابخانە بنەڕەتیەكان (٦١٦) مامۆستا لە قوتابخانە ئامادەییەكان ( ١١٦) مامۆستا، و لە قوتابخانە دواناوەندییەكان (٣٢) مامۆستا ، وە ك ئەوەی لە خشتەی (٣-٢- أ) ، خراوەتە ڕوو .هەروەها كۆمەڵگەی توێژینەوەكە لە قوتابخانەكان لە خشتەی (٣-٢-ب) خراوەتە ڕوو وە جێ ئاماژەیە كە زانیارییەكان لە بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكانی پەروەردەی سنووری شاری هەولێر (ناوەندی هەولێر + بنەسڵاوە + دەوروبەری هەولێر) بە پیی نووسراوی ( پاشكۆ : ١+٢+٣ ) وەرگیراوە.

خشتەی (٣ـــأ ٢)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە مامۆستایان

| ز | جۆری قوتابخانە | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|
| ١ | بنەڕەتی | ٦١٦ | ٦١٦ |
| ٢ | ئامادەیی | ١١٦ | ١١٦ |
| ٣ | دواناوەندی | ٦١ | ٦١ |
| ٤ | کۆ | ٧٩٣ | ٧٩٣ |

خشتەی (٣-٢-ب)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە قوتابخانەکان

| ز | پەروەردەکان | بنەڕەتی | ئامادەیی | دواناوەندی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەروەردەی ناوەندی هەولێر | ٢٥٩ | ٧٢ | ١٠ | ٣٤١ |
| ٢ | پەروەردەی دەوروبەری هەولێر | ١٥٧ | ١٨ | ٢٧ | ٢٠٢ |
| ٣ | پەروەردەی بنەسلاوە | ٢٠٠ | ٢٦ | ٢٤ | ٢٥٠ |
| ٤ | کۆ | ٦١٦ | ١١٦ | ٦١ | ٧٩٣ |

### ٣-٤ ئامرازی توێژینەوەکە:

بریتیە لە ڕاپرسیەکی داخراو، ئامادەکراو لە لایەن توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە و بەپێی ئەم هەنگاوانە:

أ. توێژەر پاش کۆکردنەوەی زانیاری پێویست، لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، دەربارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی ئامرازی پێویست بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، وەک ئەوەی پێویستە لە توێژنەوەکەی بە پێی ئامانجەکەی، هەستا بە ئامادەکردنی فۆرمیکی ڕاپرسی داخراو بە شێوەیەکی سەرەتایی ، کە پێک هاتبوو لە (٦) بوار و ( ٣٥ ) پرسیاری سەرەکی .

ب. ( ڕاستگۆیی ڕواڵەتی ) توێژەر بۆ دڵنیا بوون لە ڕادەی گونجاوی بوار و پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە لە ڕووی زانستی و زمانەوانیەوە، هەستا بە وەرگرتنی ڕاو بۆچونی ژمارەیەک لە مامۆستایانی پسپور لە بواری پەروەردەی هونەر( پاشکۆ : ٢ ) بە پێی ڕاپرسیەکی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە ، وبە پێی ڕاو بۆچونیان، دەستکرا بە ڕاستکردنەوەی شێوازی داڕشتنی هەندێک لە پرسیارەکان لە ڕووی زمانەوانیەوە، جگە لە زیاد کردنی ( ٨ ) پرسیاری دیکە،وبەو شێوەیە ژمارەی بوارەکان وەک خۆی مایەوە ، بەڵام ژمارەی پرسیارە سەرەکییەکان بوو بە ( ٤٣ ) پرسیار، وجێ ئاماژەیە بژاردەکانی وەڵامی بوارەکانی: ( یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و شەشەم ) بریتیی بوو لە ( بەڵی و نەخێر ) و بواری (پێنجەم ) بریتی بوو لە ( بەڵی ، تارادەیەک ، نەخێر ) . وەک ئەوەی لە خشتەی ( ٣-٤) ووردەکارییەکانی خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ( ٣-٤ )**

ژمارەی بوار و پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە

| ژ | ژمارەی بوار | ناونیشان بوار | ژمارەی پرسیاری سەرەکی |
|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | پرۆگرامی خوێندنی بابەتی پەروەردەی هونەر | ٧ |
| ٢ | دووەم | مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەر | ١٠ |
| ٣ | سێیەم | فەراهەم کردنی پێداویستیەکانی بابەتەکە | ٧ |
| ٤ | چوارەم | چالاکییەکانی بابەتەکە. | ٨ |
| ٥ | پێنجەم | هەڵویستی دەستەکارگێری و مامۆستایان و قوتابیان بەرامبەر بابەتەکە . | ٨ |
| ٦ | شەشەم | ڕێگاکانی وانە وتنەوەی بابەتەکە | ١٠ |
| ٧ | کۆ | بوارەکان | ٤٣ |

پ. جێگیری ڕاپرسیەکە: بۆ دڵنیا بوون لە ڕادەی جێگیری ڕاپرسیەکە، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی بە سەر نمونەیەکە لاوەکی، بەدەرلە نمونە سەرەکیەکەی توێژینەوەکە، کەپێکهاتبوو لە (٢٠) مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەری لە خوێندنگاکانی ناوەندی شاری هەولێر، ئەوەش لەرێکەوتی (٢٠٢٤\٩\١٢) وپاش تێپەربوونی دوو هەفتە جارێکی دیکە هەستا بە جێبەجێکردنی بەسەر هەمان نموونە، ودوای وەرگرتنی وەڵامەکانیان و شیکرنەوەی داتاکان لە ڕووی ئامارەوە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ( پیرسون ) بە پێی بەرنامەی (SPSS) دەرکەوت بەهای جێگیریەکەی بریتییە لە (٠.٨٨ ) وئەمەش بەهایەکی زۆر باشە ، وبەو شێوەیە مەرجی جێگیری ڕاپرسیەکە مسەوگەرکرا .

ت. جێبەجێکردنی سەرەتایی : بۆ دڵنیا بوون لە ڕادەی ڕوونی پرسیارەکان وکاتی پێویست بۆ وەڵامدانەەی پرسیارەکان ، دەست کرا بە جێبەجێکردنی بەسەر نموونەیەکی تر پێکهاتوو لە (١٥) مامۆستا، وداوایان لێ کرا ، بەنووسینی هەر تێبینیەکیان لەسەر ڕوونی پرسیارەکان، ولە کۆتاییدا دەرکەوت هەموو پرسیارەکان ڕوونن . وتێکرای کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بریتی بوو لە (٢٤) خولەک.

ج. پاش دڵنیان بوون لە پێوەرە سایکۆمەتریەکانی ڕاپرسیەکە، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی ڕاپرسیەکە بە شێوە کۆتایی ، وەک ئەوەی لە پاشکۆ (٣) هاتووە.

چ. دەستکرا بە جێبەجێکردنی ڕاپرسیەکە بە سەر نمونە سەرکیەکەی توێژینەوەکە بە شیوازی ئەلکترونی ، لە ڕیکەوتی ( ٣١ / ١٠/ ٢٠٢٤) ولە میانەی (٦) هەفتە وڵامی فۆرمەکانی ڕاپرسیەکە کۆکرایەوە، پاشان دەستکرا بە شیکردنەوەی داتاکان لە ڕووی ئامارەوە، بە مەبەستی دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**٣- ٥ : هاوکێشە ئامارییە بەکارهێنراوەکان:**

بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە لە ڕووی ئامارەوە ئەم هاوکێشانە بەکار هێنرا :

هاوکێشەی (پیرسون) بۆ دەرهێنانی هاوکۆڵکە جێگیری ڕاپرسیەکە.

آ. ڕێژەی سەدی : بۆ دەرهێنانی ئەنجامی پرسیارەکانی بوارەکانی ( یەکەم و دووەم و سییەم و چوارەم و شەشەم ) ڕاپرسیەکە وە ک ئامرازی هەژمارکردن ( وسیلة حسابیة ) نەک ئامرازی ئامارکردن .

ب. هاوکێشەی ناوەندی شیاو ( الوسط المرجح ) بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکانی پرسیارەکانی بواری ( پێنجەمی ) ڕاپرسیەکە.

## ٤-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

### ٤-١ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

بەو شێوە بوون کە لەخشتەکانی لای خوارەوە خراوەنەتە ڕوو:

**خشتەی ( ٤- ١ )**

**ئەنجامی پرسیارەکانی بواری یەکەم ( پرۆگرامی خوێندن)**

| ☐ | دەقی پرسیار<br>ئایا : | ژمارەی بەڵێ | ٪١٠٠ | ژمارەی نەخێر | ٪١٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆگرامی خوێندنی فەرمی بابەتی پەروەردەی هونەری بەپێی بابەتەکانی شێوەکاری وشلال ومیوزیک لە قوتابخانەکاندا هەیە ؟ | ١٨٣ | ٪٤٣ | ٢٤٢ | ٪٥٧ |
| ٢ | پرۆگرامی خوێندنی فەرمی بابەتی پەروەردەی هونەری وبابەتەکانی بەپێی قۆناغ(پۆل ) ولایەنی خوێندن لە قوتابخانەکاندا هەیە ؟ | ٢١٤ | ٪٥١ | ٢٠٩ | ٪٤٩ |
| ٣ | لە قوتابخانەکاندا بڕی تایبەت بە مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەری بە شێوەی بەشی هەیە ؟ | ١٦٤ | ٪٣٩ | ٢٦١ | ٪٦١ |
| ٤ | لە قوتابخانەکاندا بڕی تایبەت بە مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەری بەپێی بابەتەکانی :شێوەکاری وشلال ومیوزیک فەراهەم کراوە ؟ | ١٠٦ | ٪٢٥ | ٣١٩ | ٪٧٥ |
| ٥ | بەپێی ئەزموونی خۆت پرۆگرامی خوێندنی بابەتی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکاندا دانراوە ؟ | ٣٦٨ | ٪٨٧ | ٥٧ | ٪١٣ |
| ٦ | بە ڕاوێژکردن لەگەڵ مامۆستایانی شارەزا لە پسپۆڕی بابەتی پەروەردەی هونەری پرۆگرامی خوێندنی بابەتی پەروەردەی هونەری دادەنرێت؟ | ١٩٥ | ٪٤٦ | ٢٣٠ | ٪٥٤ |
| ٧ | پرۆگرامی خوێندنی پەیڕەوکراو بابەتی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکاندا شیاوە لە هەموو ڕووەکانەوە بۆ ئەنجامدانی ؟ | ٢٤٥ | ٪٥٨ | ١٨٠ | ٪٤٢ |

**خشتەی ( ٤- ٢ )**

**ئەنجامی پرسیارەکانی بواری دووەم (مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەری)**

| ژ | دەقی پرسیار<br>ئایا : | ژمارەی بەڵێ | ٪١٠٠ | ژمارەی نەخێر | ٪١٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پسپۆڕی لە بواری پەروەردەی هونەریە ؟ | ٣٨٠ | ٪٧٣ | ١١٥ | ٪٢٧ |
| ٢ | تائێستا لە لایەن پسپۆڕانی بابەتی پەروەردەی شارەکەت یان پارێزگاکەت خولی پێویستی بۆ مامۆستایانی پەروەردەی هونەری لە بابەتەکانی خوارەوە کراوە : | ▪ | ▪ | ▪ | ▪ |
| أ | وێنەکێشان | ١٦٦ | ٪٣٩ | ٢٥٩ | ٪٦١ |
| ب | کاری دەست | ١٤٢ | ٪٣٣ | ٢٨٣ | ٪٦٧ |
| ج | شانۆ | ٥٣ | ٪١٢ | ٣٧٢ | ٪٨٨ |
| د | میوزیک | ٥٣ | ٪١٢ | ٣٧٢ | ٪٨٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | لی قیتتاجلی کت تیهایی لـهمامۆستاسیرجی نبیلاوەکای بلیتی پەروەرده ی هێنیر دەڵێتەوە ؟ | ٢٣٤ | ٪٥٥ | ١٩١ | ٪٤٥ |
| ٤ | ولی ی تلارە ی دەرباوە ی مێرووی هێنیر و چێرەی هێنیر ی بی قیتلی کلت دەڵێتەوە ؟ | ٢٤٥ | ٪٥٨ | ١٨٠ | ٪٤٢ |
| ٥ | ویاتز ولی کلی پەروەرده ی هێنیر بی شێیازی پزاکتیکی دەڵێتەوە ؟ | ٣٤٧ | ٪٨٢ | ٧٨ | ٪١٢ |
| ٦ | تیهایی لـهمامۆستا ی پەروەرده ی هێنیر لی قیتتاجلی کی تژاهیی ؟ | ٢٤٤ | ٪٥٧ | ١٨١ | ٪٤٣ |
| ٧ | لی قیتتاجلی کت مامۆستا ی بلیتی پەروەرده ی هێنیر بی پێی ئێنیپلارلی هیی : ؟ | ٢٨٩ | ٪٦٨ | ١٣٦ | ٪٣٢ |
| أ | شێیەکاری | ٢١٤ | ٪٥٠ | ٢١١ | ٪٥٠ |
| ب | شلللا | ٣٥ | ٪٨ | ٣٩٠ | ٪٩٢ |
| ج | مینیك | ٤٠ | ٪١٠ | ٣٨٥ | ٪٩٠ |
| ٨ | تلائێستا خیمی پێی ژاەوشی لـەژهدەرباوە ی ستراتیجی کلی ولی وتی و لی لایە بیرێیسی رابیتی پەروەرده بلا مامۆستیلی پەروەرده ی هێنیر کزاوتیوە؟ | ١٢٨ | ٪٣٠ | ٢٩٧ | ٪٧٠ |
| ٩ | تلائێستا بی شرژاریوت لی خیمشی لـەژهدەرباوە ی ولی وتیوە ؟ | ١٩٦ | ٪٤٦ | ٢٢٩ | ٪٥٤ |
| ١٠ | بی بیرەوامی بی دواناچیە بلا هیواە و تلینمی نێشی کلی بلیتی پەروەرده ی هێنیر لی سرچاوە جلاراوجلاوەکاەبی تلیبیتی تلاری ئێنتی نێت دەکیت ؟ | ٣٤٩ | ٪٨٢ | ٧٦ | ٪١٨ |

خشتەی ( ٤-٣ )

| | دەقی پرسیار<br>ئیلیا : | ژمارەی بەڵێ | ٪١٠٠ | ژمارەی نەخێر | ٪١٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لی قیتتاجلی کی دابجلی ری یاهشیێی تلیبیت بریماش کزنی بی رهیمی هینیبی کاەلی بیاری هێنیر ی شێیەکاوەژاهیی ؟ | ٢٠٠ | ٪٨٦ | ٢٢٥ | ٪١٤ |
| ٢ | لی قیتتاجلی کی داشلللا یاهەهلائی بجیحاو بلائێنحامەژلی چالاکی لی بیاری نیلاژە شلللاجی یەژاهیی ؟ | ١٢٦ | ٪٣٠ | ٢٩٩ | ٪٧٠ |
| ٣ | لی قیتتاجلی کی داهلائی بجیحاو بلائێنحامەژلی چالاکی لی بیاری مینیك وسزووبجلارلی ژا هیی ؟ | ١٥٠ | ٪٣٥ | ٢٧٥ | ٪٦٥ |
| ٤ | لی قیتتاجلی کی داهلائی بجیحاو بلا وتیوە ی ولی کلی پەروەرده ی هێنیر لی بیاری وێیکش اەوێشری دەست هیی ؟ | ١٩٥ | ٪٤٦ | ٢٣٠ | ٪٥٤ |
| ٥ | سالائی لی قیتتاجلی کی دا کی وستی و بێژاوستی کلی بلیتی ولی ی پەروەرده ی هێنیر بی پێی ئێنبیارلی ی لا ی خیارەوە فی راهی نـدەکێنێت ؟ | ■ | ■ | ■ | ■ |
| أ | وێیکش اە | ٢٤٦ | ٪٥٨ | ١٧٩ | ٪٤٢ |
| ب | ئێشری دەست | ١٧٩ | ٪٤٢ | ٢٤٦ | ٪٥٨ |
| ج | پیلیکیر | ٦٢ | ٪١٥ | ٣٦٣ | ٪٨٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| د | میبك | ٩٢ | ٪٢٢ | ٣٣٣ | ٪٧٨ |
| و | شـلـلا | ٧٨ | ٪١٨ | ٣٤٧ | ٪٨٢ |
| ٦ | لى قيتتاجلى كت بيوى ى پى يىست بلا دابلي كزنى كى وستى و بى ژاوس تى كاهو چالاكى كلى بلى تى پى روەرده ى هينى ر تى رخاه دەكێت ؟ | ٢١٦ | ٪٥١ | ٢٠٩ | ٪٤٩ |
| ٧ | لى قيتتاجلى كت هلىي نيىى كلى تى كى للاى ى فى زكزنه ( اليسائل التعليمي ) وەكي پى يىست فى راهى ن كزاوه ؟ | ١٩٩ | ٪٤٧ | ٢٢٦ | ٪٥٣ |

ئەنجامی پرسیارەکانی بواری سێیەم ( فەراهەم کردنی پێداویستیەکانی بابەتەکە لە قوتابخانەکاندا)

خشتەی ( ٤-٤ )

ئەنجامی پرسیارەکانی بواری چوارەم ( چالاکیەکانی بابەتی پەروەردەی هونەر )

| ژ | دەقی پرسیار<br>ئایا : | ژمارەی بەڵێ | ٪١٠٠ | ژمارەی نەخێر | ٪١٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لى قيتتاجلى كت سالى لى چالاكى هينى رى ئەنجام دەدرێت ؟ | ٣٣٣ | ٪٧٨ | ٩٢ | ٪٢٢ |
| ٢ | قيتتاجلى كت سالى بى شـزار دىێت لى چالاكى هينى رى لى س ر ئاستى بى ڕێىيى رايى تى پى روەرده ى شاو كت ؟ | ٣٠٧ | ٪٧٢ | ١١٨ | ٪٢٨ |
| ٣ | قيتتاجلى كت سالى بى شـزار دىێت لى چالاكى هينى رى لى س ر ئاستى بى ڕێىيى رايى تى چالاكى هينى رى پارێزگا كت ؟ | ٢٠٤ | ٪٤٨ | ٢٢١ | ٪٥٢ |
| ٤ | قيتتاجلى كت سالى بى شـزار دىێت لى چالاكى هينى رى لى س ر ئاستى هى رێمى كيردستان ؟ | ٨١ | ٪١٩ | ٣٤٤ | ٪٨١ |
| ٥ | لى قيتتاجلى كت سالى چالاكى هينى رى لى نبيايش ى لاى خيلاو ئەنجام دەدرێت : ؟ | ■ | ■ | ■ | ■ |
| أ | وێنى كێش ان | ٣٣٢ | ٪٧٨ | ٩١ | ٪٢٢ |
| ب | ئيشى دەست | ٢٤٥ | ٪٥٨ | ١٨٠ | ٪٤٢ |
| ج | شـلـلا | ١٣٥ | ٪٣٢ | ٢٩٠ | ٪٦٨ |
| د | میبك | ١٤٠ | ٪٣٣ | ٢٨٥ | ٪٦٧ |
| ٦ | سالى بى شتى زى ارى تى هينى رى بلا قيتتالى كلت ئەنجام دەدرێت ؟ | ١٨٦ | ٪٤٣ | ٢٣٩ | ٪٥٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | بلا قیتلی ای قیتاجلی کت کلر وسمن ار دەرباوەی هنیر و پروەرەی هنیر ئنجا دەدیت ؟ | ١٤٨ | ٪٣٥ | ٢٧٧ | ٪٦٥ |
| ٨ | بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکەت کۆر و سیمنار دەربارەی هونەر و پەروەردەی هونەر ئەنجام دەدریت ؟ | ٨٥ | ٪٢٠ | ٣٣٩ | ٪٨٠ |

خشتەی ( ٤- ٥ )

ئەنجامی پرسیارەکانی بواری پێنجەم ( هەڵویستی دەستەی کارگێری و مامۆستایان و قوتابیان قوتابخانە بەرانبەر بابەتی پەروەردەی هونەر)

| ژ | دەقی پرسیار ئیا : | ژمارەی بەلێ | ژمارەی تا رادەیەک | ژمارەی نەخێر | ناوەندی شیاو | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەستی بی پێیبزنی قیتاجلی کت وکیپ یرت پسلر بلی ی پروەرەی هنیر وولی کای و لولی کای تز دجژە ؟ | ٢٦٩ | ١٢١ | ٣٥ | ٢,٥٥ | بەرز |
| 2 | بلی ی پروەرەی هنیر لی ابی هبی پێیری قیتاجلی کت پتبجیە خزاو ؟ | ٥٨ | ٧٤ | ٢٩٣ | ١,٤٤ | لاواز |
| 3 | مامۆاستیلی بلیتی جلرا وجلاوکاهلی قیتاجلی کت وکیپ یرت پسلی بی های مامۆستای بلی ی پروەرەی هنیر دجژە ؟ | ٢٥٧ | ١٢٨ | ٤٠ | ٢,٥١ | بەرز |
| 4 | مامۆاستیلی بلیتی جلرا وجلاوکاهلی قیتاجلی کدا پسلی بی های بلی ی پروەرەی هنیر دجژە ؟ | ٢٣٦ | ١٤٧ | ٤٢ | ٢,٤٥ | بەرز |
| 5 | لی قیتاجلی کت ئاراستی ی قیتلی ابی رابیر بلی ی پروەرەی هنیر ئی پشی ؟ | ٢٨٤ | ١١٥ | ٢٦ | ٢,٦٠ | بەرز |
| 6 | ئاراستی ی کیسی کاری قیتلی ای قیتاجلی کت بی رابیر بلی ی پروەرەی هنیر ئی پشی ؟ | ١٩٧ | ١٥٢ | ٧٦ | ٢,٢٨ | مامناوەنژ |
| 7 | قیتلی کاە وکیپ یرت بلی دبی بلی ی پروەرەی هنیر وولی کای دەدە ؟ | ٢٦٢ | ١٢٦ | ٣٤ | ٢,٥٢ | بەرز |
| 8 | قیتلی کاە وکیپ یرت بی شزاری لی چالاکی کای بلیتی کی دەکە ؟ | ٢٧٦ | ١١٣ | ٣٦ | ٢,٥٦ | بەرز |
| 9 | کلامی لێ ی کیدی بی ش یە بجتی وکیپ یرت پێ لر بلی ی پروەرەی هنیر دجژە ؟ | ١١٦ | ١٧٦ | ١٣٣ | ١,٩٦ | مامناوەنژ |
| 10 | کلامی لێ ی کیدی بی ش یە بجتی وکیپ یرت پێ لی مامۆستای بلی ی پروەرەی هنیر دجژە ؟ | ١٦٢ | ١٦٤ | ٩٩ | ٢,١٤ | مامناونژ |

جێ ئاماژەیە ئاستی برگەکان بەپێی بەهای ناوەندی شیاوەی برگەو و ئەم پێوەرە دەستنیشان کراوە، ئەگەر بەهای ناوەندی‌شیاوی برگەکە لە ( 1 – 1.66 ) بێت ئەوە ئاستەکەی لاوازە، وئەگەر بەهاکەی لە ( 1.67 – 2.33 ) ئەوە

ئاستەکەی مامناوەندە، و ئەگەر بەهاکەی لە ( 2.34 – 3 )بێت ئەوە ئاستەکەی بەرزە .

**خشتەی ( ٤ – ٦ )**

**ڕێگاکانی وانە وتنەوە بابەتی پەروەردەی هونەر**

| ذ | دةقى ثرسيار | ذمارةى بةلَى | ٪١٠٠ | ذمارةى نةخيَر | ٪١٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| | ئايا ئةم ريَطا و شيَواز و ستراتيذانة بةكار دةهيَنيت بؤ وتنةوةى وانةكانى بابةتى ثةروةردةى هونةر ؟ | – | – | – | – |
| أ | وانة بيَذى ( المحاضرة ) | ٢٦٠ | ٪٦١ | ١٦٥ | ٪٣٩ |
| ب | طفتوطؤ | ٣٦٦ | ٪٨٦ | ٥٩ | ٪١٤ |
| ج | نمايش كردن | ٢٩٤ | ٪٦٩ | ١٣٠ | ٪٣١ |
| د | ثرؤذة | ٢١٠ | ٪٤٩ | ٢١٥ | ٪٥١ |
| ح | ضيرؤك | ٢٤٥ | ٪٥٨ | ١٨٠ | ٪٤٢ |
| خ | رؤلَ نواندن | ١٩٣ | ٪٤٥ | ٢٣٢ | ٪٥٥ |
| ر | فيَركردنى ئاويَتةكراو | ١٨٦ | ٪٤٤ | ٢٣٩ | ٪٥٦ |
| ز | طةردةلولى ميَشك | ١٣٤ | ٪٣٢ | ٢٩١ | ٪٦٨ |
| س | شةش كلاَوةكة | ٦٧ | ٪١٦ | ٣٥٨ | ٪٨٤ |
| ش | فيَركردنى هةرةوةزى | ٣٣٨ | ٪٧٨ | ٩٤ | ٪٢٢ |
| ع | فيَربوون لة ريَطةى كاركردن | ٣٥٧ | ٪٨٤ | ٦٨ | ٪١٦ |
| غ | ئاراستة هاوضةرخةكانى فيَركردنى ثةروةردةى هونةرى وةك : سستمى (DBAE ) | ٩٨ | ٪٢٣ | ٣٢٧ | ٪٧٧ |

### ٤– ٢ ڕاڤەی ئەنجامەکان:

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت بابەتی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووتەوە بەشێوەی گشتی، و واقعی بابەتەکە لە خوێندنگاگان لە ئاستی داخوازیدا نییە،وتوێژەر پێی وایە چەند هۆکارێک بۆ ئەم ئەنجامە هەیە وەک: –

نەبوونی پرۆگرامێکی گشتگیر ویەکگرتوو بۆبابەتەکە بە پێی قۆناغ وپۆلەکانی خوێندنن بۆ ئەوەی پەیرەو بکرێت لە سەرجەم قوتابخانە وخوێندنگاکانی هەرێم ، وەک بابەتەکانی دیکەی خوێندن.

– تێروانینی نا گونجاوی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردی بۆ هونەر و هونەرمەندان و دواتریش بۆ بابەتی پەروەردەی هونەر بە شێوەی گشتی، ئەوەش بەهۆی کاریگەری بیروباوەری ئاینی وکۆمەڵایەتی کە بەهەستیارییەوە مامەڵە لە گەڵ هونەردا دەکەن.بە لَکۆ زۆرێک تائێستا زۆرینەی جۆرەکانی هونەر بە حەرام دەزانن، وئەم تێڕوانینە ڕەنگدانەوەی نەرێنیی هەیە لە سەر ئاراستەی منداڵکانیان بەرانبەر بابەتی پەروەردەی هونەر.

- پەراوێزکردنی بابەتی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکان لە لایەن دەستەە بەرێوەبردنی قوتابخانەکان، لە چاو بابەتەکانی دیکەی خوێندن، لە بەرئەوەی ئەم بابەتە لە تاقیکردنەوە وەزارییەکاندا جێی نابێتەوە، هەروەها نمرەکانی خوێندکاران لەم بابەتەدا وەک بابەتەکانی دیکە لەبەرچاو ناگیرێت .
- نەبوونی پێداویستیەکانی بابەتەکە وەکو پێویست لە قوتابخانەکاندا وەک : هۆڵ و تاقیگەی خوێندن و شانۆ وهۆڵی پێویست بۆ چالاکیەکانی سروود و گورانی و مۆزیک، جگە لە کەمی ئامراز و کەرەستەکانی بابەتەکە بە پێی بوارەکانی لە قوتابخانەکاندا.
- لاوازی ئاستی هۆشیاری هونەری و چێژی هونەری لای زۆرینەی چینەکانی کۆمەڵگەی هونەری. کە ڕەنگدانەوەی نەرێنیی لە سەر بابەتەکە هەیە.

## ٤- ٣ دەرئەنجامەکان:

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەسەر واقیعی پەروەردەی هونەری لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، لە سەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و بەپێی بوارەکانی ئامرازی توێژینەوەکە ئەمانەن :
- وانەوتنەوە لەسەر بنەمای ئەزموونی کەسی مامۆستا لە پلەی باڵادایە بە بەڵێ: بەشی زۆرینەی ڕەها لە مامۆستایان پشت بە ئەزموونی کەسی خۆیان دەبەستن، بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرام ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە هیچ جۆرە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو یان دیاریکراو بوونی نییە بۆ ڕێنماییکردنی پرۆسەی پەروەردەیی وەک ڕێبەرێک و بەم پێیەش بابەتی پەروەردەی هونەری هەمەجۆریی و هاوسەنگی لە بەست دەدات.
- نەبوونی ڕێبەری تایبەت بۆ مامۆستای پەروەردەی هونەر لە پلەی باڵادایە بە نەخێر:
ئەنجامەکان ئەوە بەیاردەخەن کە زۆرینەی ڕەها لە مامۆستایان کتێبی ڕێنمایی لە شێوەی ڕێبەر نەبووە تا هاوکاریان بێت لە فێرکردنی وانەی پەروەردەی هونەر، ئەمەش ئاماژەیەکی بەرچاوە بۆ کەمی و نەبوونی سەرچاوە بۆ یارمەتیدان و پەرەپێدانی شێوازەکانی وانەوتنەوە بۆ بە ستانداردکردنی.
- سەرجەم قوتابخانەکان خاوەنی پرۆگرامێکی تۆکمە نین:
داتاکان دەریدەخەن کە زۆرێک لە قوتابخانەکان پرۆگرامێکی تۆکمەی فەرمی بۆ فێرکردنی پەروەردەی هونەری وەرناگرن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروست بوونی جیاوازی لە ئاست و کوالیتی پەروەردە لە نێوان قوتابخانەکاندا.
- گۆڕانکاری لە ڕازیبوونی مامۆستایان لە مەنهەجی خوێندن:
بۆچوونی مامۆستایان سەبارەت بە گونجاوی پرۆگرامەکە بۆ بابەتی وانەی پەروەردەی هونەری جیاوازی هەیە. لە کاتێکدا بەشێک لە مامۆستایان بە شیاوی دەزانن، بەڵام بەشێکی دیکە ناڕەزایی خۆیان لێی دەردەبڕن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێویستیەتی پەرەپێدانی پرۆگرام دەردەخات بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستی خوێندکار و مامۆستادا بگونجێت.
- ڕوومالّ نەکردنی هونەرەی مۆدێرن لە پرۆگرامی خوێندندا:
داتاکان هیچ ئاماژەیەکیان نیشان نەدا بۆ خستنەڕووی هونەری هاوچەرخ یان تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کەموکوڕییە لە نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێت لەگەڵ پێشکەوتنی بواری هونەر.
- لاوازی ڕۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە دیاریکردنی پرۆگرام:
بەشێکی زۆر لە مامۆستای بەشدار بوو پێیان وایە کە سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەر بەشدارییەکی سستی لە دیاریکردنی مەنهەجدا هەبووە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەبوونی هەماهەنگی نێوان چاودێری پەروەردەیی و مامۆستایە ، کە بە ڕێژەیەک کاریگەری نەرێنی لەسەر جێبەجێکردنی کاریگەرانەی پرۆگرامەکان هەبێت.
-پرۆگرامەکان نوێکردنەوەیان پێویستە:
پێویستەیەکی زۆر خێرا و بەپەلە هەیە بۆ نوێکردنەوەی پرۆگرامەکان بۆ ئەوەی هاوتەریب و هاوسەنگ بێت لەگەڵ هاوچەرخی ڕەوتەکان لە وانە وتنەوەی پەروەردەی هونەردا، وە بە تایبە تر، لەوانەش تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا مۆدێرن

و ئاوێتەکردنی هونەرەی دیجیتاڵییەکان.

– پێویستە پرۆگرامەکان رێکخراو و یەکگەتوو بن:

پێویستە پرۆگرامێکی یەکگرتوو لە سەرجەم بەشەکانی وەک(شێوەکاری،موزیک،شانۆ) بەسەرجەم لقەکانیان لە سەرتاسەری قوتابخانەکاندا هەبێت بۆ دڵنەوایی و دڵنیابوون لە خوێندنێکی کوالیتی ئاست بەرز و بۆ دابینکردنی دەرفەتێکی هاوسەنگ و یەکسان بۆ سەرجەم قوتابی و خوێندکاران.

– دوو گرنگی پێویست سەرپەرشتیار و رێنمایی رێبەر:

پێویست دەکات کە رۆڵ و پێگەی سەرپەرشتیاری پەروەردە، بەتایبەتی سەرپەرشتیاری بابەتی (پەروەردەی هونەر) بەهێزتر بکرێت لە رووی دیاریکردنی پرۆگرامی خوێندن و پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویست بۆ مامۆستا لە رێگەی ئامادەکردن و کردنەوەی خولی راهێنان و پێشکەشکردنی دەستنووسی رێنمایی رێبەر.

– ناوەڕۆکی پەروەردە فرەچەشنی پێویستە:

پێویست دەکات کە ناوەڕۆکی پەروەردەیی وانەی هونەری جوان هەمەچەشن بن و هەموو بوارەکانی هونەر (هونەری بینراو – شێوەکاری ، هونەری بیستراو و بینراو – شانۆ، هونەری بیستراو موزیک) بگرێتەوە بە شێوەیەک کە هاوسەنگ و گونجاوو رێکخراو بێت..

پرۆسەی فێرکردنی هونەر بە پلە یەک پشت بە بەکارهێنانی شێوازی پراکتیکی دەبەستێت، مامۆستا شێوازی پراکتیکی(کرداری) پێ باشترە.

– کەمیی لە مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەری هەیە و قوتابخانەکان تەنها یەک مامۆستایان دامەزراندووە.

– هەبوونی لاوازییەکی روون لە پشتیوانی بینینی خول و راهێناندا هەیە مامۆستا راهێنانی لەسەر ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە وەرنەگرتووە.

– بە پلەی باڵا بەشداری لە نێوان مامۆستایاندا هەیە لە بەدواداچوونی پێشهاتەکانی بواری پەروەردەی هونەری لە رێگەی ئینتەرنێتەوە .

– بوارە هونەرییە تایبەتمەندەکان (شانۆ، کاری دەستی، موزیک،) خولی پەرەپێدانی پێویست وەرناگرن، لە کاتێکدا کە کەمتر بەشداربوو لە خولەکاندان.

– تا ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بابەتی پەروەردەی هونەری (تەکنیکی) لەسەر بنەمای شێوازی نەریتی (تەقلیدی)یەکانە وەک وانەبێژی و وتار و گفتوگۆ، ئەمەش پێویستی بە گۆڕانکاری و پێشخستن هەیە بۆ شێوازی (کارلێککار و نوێخواز و مۆدێرن)تر هەیە.

– لاوازییەکی ئاشکراو بەرچاو لە پیادە کردن و بەکارهێنانی شێوازە داهێنەرەکانی پرۆسەی فێرکردنی وەکو (شەش کڵاوەکە، گەردەلولی مێشک،ئاراستە هاوچەخەکانی فێرکردنی بابەتی پەروەردەی هونەری وەک سستمی ( DBAEبە دی دەکرێت ، کە پێویستی بە پەرەپێدانی بەرنامەی راهێنان هەیە بۆ پێشخستنی مامۆستایان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو شێوازانە.

– کرداری فێربوون بە کرداری ئەنجامدان ناسراوە، بەڵام لێرەدا لەگەڵ شێوازەکانی تری وەک فێربوون یان فێرکردنی ئاوێتەکراو و پرۆژە دا بە تەواوی بەکارناهێنرێتو یەکناگرێتەوە.

– لە ئێستادا و لە پەروەردەی هونەریدا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە رێژەیەکی زۆر سنووردارە، بێگومان ئەمەش پێویستی بە بەرزکردنەوەی فێربوونی تێکەڵاو کردن و ئاوێتەکردنی ئامرازی دیجیتاڵیی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وانەوتنەوە.

– پێشکەوتنێکی زۆر باش بەرچاو بە دی دەکرێت لە پیادەکردن و بەکارهێنانی فێرکردنی هەرەوەزی (فێرکردنی جێندەر)یدا ، ئەمەش نیشانەی رەنگدانەوەی ئاستی بەرزی رێژەی هۆشیارییە لە گرنگی پەروەردەی هەمەچەشن و گشتگیر لە وتنەوەی وانەی پەروەردەی هونەریدا.

### ٤- ٤ : ڕاسپاردەکان:

توێژەر بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، ئەم پێشنیازانەی خوارەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی لە سەرجەم پارێزگا و شارەکانی ، جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو زانکۆکانی هەرێم دەخاتە ڕوو :

أ. نوێکردنەوەی مەنهەجی خوێندنی بابەتەی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە شێوەیەک کە بگونجێت لە گەڵ هەل ومەرج و پێداویستەکانی ژیانی ئەم سەردەمە. وبەرەو ئاراستە هاوچەرخەکانی وتنەوەی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکان، وەک ئەوەی لە زۆرینەی وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان پەیرەو دەکرێت.

ب. تەرخانکردنی بووجەی پێویست بۆ بابەتیپەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکان، بە مەبەستی دابین کردنی ئامراز و کەرەستە و پێداویستەکانی بابەتەکە وەکو پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی خوێندنی بابەتەکە لە قوتابخانەکاندا.

پ. ڕێکخستنی وۆرک شۆپ و خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی بابەتی پەروەردەی هونەر، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و لێهاتوویەکانیان لە وتنەوەی بابەتەکە.

ت. زیادکردنی هۆشیاری هونەری لای دایکان و باوکان و سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگەی کوردی، لە بارەی ڕۆڵ و گرنگی پەروەردەی هونەری بۆ پەرەپێدان بە تواناو لێهاتوویەکانی خوێندکاران لە بابەتەکە و بابەتەکانی دیکەی خوێندن، جگە لەپەرەپێدان بە توانای داهێنان و جۆرەکانی بیرکردنەوە چالاک و باڵا لای خوێندکاران ، وبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری هونەری کۆمەڵگەکەمان بە شێوەی گشتی.

ج. ڕێکخستنی پێشانگای هونەری بۆ بەرهەمەکانی خوێندکاران لە بابەتەکە ، لە سەر ئاستە جیاوازەکان هەر لە ئاستی قوتابخانەکاندا تا ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان. بە مەبەستی هاندانی خوێندکاران و مامۆستایانی بابەتەکە بۆ زیاتر بایەخدان بە بابەتەکە.

چ. دامەزراندنی سەنتەری ڕاهێنانی تایبەتمەند بۆ مامۆستایانی هونەر، بۆ پێشکەشکردنی خولی پێشکەوتوو لە بوارەکانی هونەری نەریتی و دیجیتاڵی ببە مامۆستاکان.

ح. دابین کردنی هۆڵ و شوێنی پێویست بۆ بابەتی پەروەردەی هونەر بە پێی بوارەکانی لە قوتابخانەکاندا.

خ. دامەزراندنی کۆلێجی پەروەردەی هونەر لە زانکۆکانی هەرێم، وبەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجەکانی پەروەردەی بنەڕەت و هونەرجوانەکانن لە پێناوی دابین کردنی مامۆستای پسپۆر لە بواری پەروەردەی هونەر بە پێی بوارەکانی(شێوەکاری و ئیشی دەست و شانۆ و سرود و مۆزیک) بۆ قوتابخانەکانی هەرێم.

د. بانگهێشتکردنی هونەرمەندانی (ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی )بۆ ئەنجامدانی وۆرک شۆپ لەناو قوتابخانەکاندا بۆ ئاشناکردنی قوتابی بە شێوازی هونەری نوێ.

ر. بەکارهێنانی ڕێگا و ستراتیژ و بەرنامە فێرکارییە هاوچەرخەکان بۆ وتنەوەی بابەتی پەروەردەی هونەر لە لایەن مامۆستاکان لە قوتابخانەکان، جگە لە بەگەڕخستنی بەرنامە فێرکارییە کاراکان وەک بەرنامەی فرە مێدیای و دجیتاڵ و واقیعی مەجازی و دیزاین گرافیک ، وزیرەکی دەستکردە ، لە میانەی وتنەوەی بابەتەکانی پەروەردەی هونەر.

ڕ. هاوبەشیکردن لەگەڵ (مۆزەخانە، گەلەری هونەری، و زانکۆ)کان بۆ بەشداریکردنی خوێندکار لە چالاکی هونەری لە دەرەوەی قوتابخانە.

### ٤-٥ پیشنیازەکان :

توێژەر بۆ تەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی توێژینەوەکە، پێشنیازی ئەم ناونیشانەی خوارەدەکات،بۆ ئەنجام دانی لە لایەن توێژەران وخوێندکارانی خوێندنی باڵا:

أ. واقعی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانی.

ب. واقعی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆک.

پ. بەراوردکردنی واقعی پەروەردەی هونەر لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان.

### ٤-٦ سەرچاوەکان (References)

#### ٤-٦-١ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


– عبد الله، الجعيد، 2007. الأهداف العامة للتربية الفنية للمراحل الثلاث (الابتدائية، الإعدادية، الثانوية). متاح على: https://www.al-jazirah.com/1999/19991007/ak4.htm

– عبد الحميد، ج، 2015. مدخل إلى التربية الفنية: المفاهيم والأسس والتطبيقات. القاهرة: دار الفكر العربي.

– عبد الله، حمد المواش، 1999. دور معلم التربية الفنية. جريدة الجزيرة، الخميس 27، جمادي الثانية 1420 هـ، العدد 9870. متاح على: https://www.al-jazirah.com/1999/19991007/ak4.htm تم الاطلاع عليه في: 1 فبراير 2025.

– الغفياني، س، دمراوي، ف، كوجيل، ر ، المحمدي، ع**، 2024. واقع تدريس التربية الفنية بالمرحلة الأولى من السلك الابتدائي – مديرية بولمان نموذجًا. مجلة كراسات تربوية، المجلد 1، العدد 13. متاح على: https://journals.imist.ma/index.php/korasat/article/view/724

– القرني، ع، 2006. أسس التربية الفنية. الرياض: دار الزهراء للنشر والتوزيع.

– الشريف، م، 2020. تعريف الواقع: دراسة فلسفية. القاهرة: دار النشر.

– صليبا، ج، 1982. المعجم الفلسفي. ج1. بيروت: دار الكتاب اللبناني.

– فرويد، س، 1923. الهو، الأنا، والأنا العليا. فيينا: دار النشر.

– غوفمان، إ، 1959. العرض الاجتماعي في الحياة اليومية. نيويورك: دار ألفريد نوبف.

– هيغنز، ج، وويليامسون، إ**، 2004. مفاهيم الواقع في علم الفيزياء. لندن: دار أكسفورد.

– زكي، ل م، 1972. نظرية العمل في تدريس الفنون. القاهرة: دار المعارف.

– طه، أ. ي. (2014). "مفهوم التربية الجمالية في الفن الحديث في إقليم كردستان: الانطباعية نموذجاً". مجلة العلوم الإنسانية الجامعية، جامعة صلاح الدين–أربيل، المجلد 18، العدد 2.

– طه، أ. ي. (٢٠١٤). "الانطباعية في أعمال محمد عارف وسليمان شاكر". مجلة العلوم الإنسانية الجامعية، جامعة صلاح الدين–أربيل، العدد ٥٨.

– سلمان، ع عنيزي، 2010. تقويم واقع التربية الفنية في المدارس العراقية من وجهة نظر مدرسيها. مجلة جامعة الأنبار للعلوم الإنسانية، العدد 2(1)، 629–658. متاح على: https://yarab.yabesh.ir/yarab/handle/yad/20748 تم الاطلاع عليه في: 20 يونيو 2024.

– شوقي، إ، 2002. مدخل إلى التربية الفنية. ط2. الرياض: دار الرفعة للنشر والتوزيع.

– موسى، س ل، 2001. طرائق وتقنيات تدريس الفنون. وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد: مطبعة السعدون.

– مجد، م خضر، 2024. التربية الفنية ودورها في تنمية إبداع الطالب. نشرة منهجيات. متاح على: https://www.manhajiyat.com/

– عبد الحسين، ع م، 2024. واقع تدريس مادة التربية الفنية في مدينة بغداد. مجلة كلية التربية الأساسية – جامعة المستنصرية، المجلد 30، العدد 126، ص139–158. متاح على:

https://www.researchgate.net/publication/384734573_waq_tdrys_madt_altrbyt_alfnyt_fy_mdynt_bghdad

– وسام، طلال، 2021. أهمية التربية الفنية. متاح على: https://mawdoo3.com/


#### ٤-٦-٣ پێداچوونەوەکان:


- Stuckey, H. L. & Nobel, J. (2010) ‘The connection between art, healing, and public health: A review of current literature’, American Journal of Public Health,.


#### ٤-٦-٢ وتارە ئەکادیمییەکان:


- Winner, E., Goldstein, T. R. & Vincent-Lancrin, S. (2013) Art for art’s sake? The impact of arts education. Paris: OECD Publishing.


#### ٤-٦-٣ پەرتووکەکان بەزمانی ئینگلیزی:


- Badawi, S 1998 ،. Muʿjam al-Muṣṭalaḥāt al-Nafsīyah [Dictionary of Psychological Terms]. Cairo: Dār al-Kitāb al-Miṣrī.
- Foucault, M 1971 ،. L'archéologie du savoir [The Archaeology of Knowledge]. Paris: NRF/Gallimard.
- Goffman, E 1959 ،. The Presentation of Self in Everyday Life. New York: Anchor Books.
- Freud, S 1923 ،. Das Ich und das Es [The Ego and the Id]. Vienna: Internationaler Psychoanalytischer Verlag.
- Higgins, J ،and Williamson, E2004 ،. Concepts of Reality in Physics. London: Oxford University Press.

- Langer, S. (1984). Philosophy in a New Key: A Study in the Symbolism of Reason, Rite, and Art. 3rd ed. Cambridge, MA: Harvard University Press.
- Langer, S. (2019) Philosophy of Education and the Development of the Mind. UK: Cambridge.
- Dewey, J. (1934) Art as experience. New York: Minton, Balch & Company.
- Dissanayake, E. (2000) Art and intimacy: How the arts began. Seattle: University of Washington Press.
- Efland, A. D. (2002) Art and cognition: Integrating the visual arts in the curriculum. New York: Teachers College Press.
- Eisner, E. W. (2002) The arts and the creation of mind. New Haven: Yale University Press.
- Hetland, L., Winner, E., Veenema, S. & Sheridan, K. M. (2013) Studio thinking 2: The real benefits of visual arts education. New York: Teachers College Press.
- Bamford, A. (2006) The wow factor: Global research compendium on the impact of the arts in education. Münster: Waxmann.
- Robinson, K. (2011) Out of our minds: Learning to be creative. Oxford: Capstone

## پاشکۆکان

### پاشکۆی (١+٢+٣) نووسراوی فەرمی بۆ ڕێگە پێدان پاشکۆ (٥)



Created with Scanner Pro



Created with Scanner Pro



Created with Scanner Pro

### پاشکۆ(٤ )

### ناونیشانی شارەزاکانی توێژینەوەکە

| ژ | ناو | بروانامە | نازناوی زانستی | شوێنی کار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د.ژیار صدیق رمضان | دکتۆرا | پ.ی | زانکۆی دهۆک – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان- بەشی شینواران |
| ٢ | د.جواد کاظم حنوش | دکتۆرا | پ.ی | زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی هونەرەجوانەکان- بەشی شێوەکاری-پەرەوەردەی هونەری |
| ٣ | کاروان ڕەشید حەسەن | دکتۆرا | مامۆستا | زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی هونەرەجوانەکان- بەشی شێوەکاری-پەرەوەردەی هونەری |
| ٤ | د. دارا اورحمان احمد | دکتۆرا | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت- بەشی پەرەوەردەی هونەری |
| | د. ڕۆژان خالید | دکتۆرا | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت- بەشی پەرەوەردەی هونەری |
| ٥ | د.نیاز عثمان حسێن | دکتۆرا | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت- بەشی پەرەوەردەی هونەری |

### فۆرمی ڕاپرسی داخراوی توێژینەوەکە

**تێبینی: لەبەر پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی گۆڤارەکان لە ڕووی ژمارەی لاپەرەی توێژینەوە ، فۆرمی ڕاپرسیەکە لێرانە لابرا، لە بەر ئەوەی لە ناوەڕۆکی بەشی چوارەمی توێژینەوەکە بوونی هەیە.**

## The Reality of Art Education in Kurdistan Region School

**Ibrahim Yasin Taha**
Department of Painting, College of Fine Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
ibrahim1999daerl@gmail.com

**Jawad Nemat Hussein**
Sulaimani University – College of Primary Education/
Department of Art Education.
Jawad.hussein@univul.iq

**Abstract**
The aim of the research was to reveal the reality of art education in the schools of the Kurdistan Region of Iraq. The descriptive analytical approach was used to complete the research, according to the nature of the research topic and its objective. The research community consisted of all male and female art education teachers in the schools of Erbil City Center, in the Kurdistan Region of Iraq for the academic year (2024-2025), numbering (793) male and female teachers, and the research sample included (425) male and female teachers, who were randomly selected from the research community. The data collection tool for the research was limited to a closed questionnaire consisting of (6) fields and (43) main questions after extracting its psychometric standards, such as apparent validity, reliability, and the average time required to answer its questions. The questionnaire was administered to the individuals of the original research sample. After collecting the answers, the data was analyzed and processed statistically using the weighted mean equation and the percentage as a calculation method. A number of results were reached, the most important of which are: Art education in Erbil city schools faces many obstacles or difficulties, such as: the lack of a comprehensive and contemporary curriculum for the subject in schools that is compatible with current global developments in the field of art and contemporary trends in art education. Lack of budget allocated for material requirements, Lack of teachers, male and female, specialized in the subject, Using traditional teaching methods in teaching the subject, not providing the requirements of the subject in schools as they should, such as: classrooms, workshops and halls necessary according to the subject areas, materials, tools and work supplies specific to the subject, In addition to the lack of continuous training courses for teachers of the subject, Not to mention the marginalization of the subject compared to other subjects in schools in general, In light of the research results, several conclusions, recommendations and proposals were presented.
**Keywords:** Reality, art education, schools in the Kurdistan Region.

## واقع التربية الفنية في مدارس إقليم كوردستان

**ابراهيم ياسين طه**
قسم التصوير، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين – اربيل، اقليم كوردستان،العراق
ibrahim1999daerl@gmail.com

**جواد نعمت حسين**
جامعة السليمانية – كلية التربية الأساسية / قسم التربية الفنية
Jawad.hussein@univul.iq

**الملخص**
هدف البحث إلى الكشف عن واقع التربية الفنية في مدارس إقليم كردستان العراق. تم استخدام المنهج الوصفي التحليلي لأنجاز البحث، وذلك على وفق طبيعة موضوع البحث وهدفه، وتألف مجتمع البحث من جميع مدرسي ومدرسات مادة التربيه الفنية في مدارس مركز مدينه اربيل، في اقليم كوردستان العراق للعام الدراسي ( ٢٠٢٤– ٢٠٢٥ )، والبالغ عددهم(٧٩٣) مدرسا ومدرسة، واشتملت عينة البحث على(٤٢٥) مدرسا ومدرسة، تم اختيارهم عشوائيا من مجتمع البحث. واقتصرت أداة جمع البيانات للبحث، على استبيان مغلق مكون من (٦) مجالات و (٤٣) سؤالا رئيسيا بعد استخراج المعايير السيكومترية له، مثل الصدق الظاهري والثبات ومعدل الوقت اللازم للإجابة على اسئلته، طبق الاستبان على افراد عينة البحث الاصلية، وبعد جمع الاجابات، تم تحليل ومعالجة البيانات أحصائيا باستخدام معادلة الوسط المرجح و النسبة المئوية كوسيلة حسابية، وقد تم التوصل الى جملة نتائج ومن اهمها: أن التربية الفنية في مدارس مدينة أربيل تواجه العديد من المعيقات أو الصعوبات مثل: عدم وجود منهج شامل ومعاصر للمادة في المدارس يتلائم مع التطورات العالمية الراهنة في مجال الفن والاتجاهات المعاصرة في التربية الفنية، قلة الميزانية المرصودة لمتطلبات المادة، قلة المدرسين والمدرسات المتخصصين في المادة، استخدام الطرائق التدريسية التقليدية في تدريس المادة، عدم توفير متطلبات المادة الدراسية في المدارس كما ينبغي مثل: القاعات الدراسية والورش والصالات اللازمة حسب مجالات المادة ، المواد و الأدوات ومستلزمات العمل الخاصة بالمادة، فضلا عن عدم وجود دورات تدريبية مستمرة لمدرسي ومدرسات المادة. ناهيك عن تهميش المادة قياسا على بقية المواد الدراسية في المدارس بصورة عامة ، وفي ضوء نتائج البحث، تم تقديم العديد من الاستنتاجات والتوصيات والمقترحات.

**الكلمات المفتاحية:** الواقع، التربية الفنية، مدارس إقليم كردستان.